تورکیا باڵیۆزەکەی لە تەلئەبیب ڕا بانگهێشت دەکاتەوە

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایدەگەیەنێت باڵیۆزکەی لە تەلئەبیب بانگهێشت کردووەتەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئاگربەست لە غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە ڕاوێژ بکەن.

ئەمە شەممە،ڵە ڕاگەیەندراوەکدا رایگەیاند، بانگهێشتی شاکر ئۆزکار تۆرنلار، باڵیۆزی تورکیای لە تەلئەبیب کردووە. ڕوونیشیکردووەتەوە، هەکاری بانگهێشتکردنەوەی باڵیۆزەکەیان بۆ ڕەتکردنەوەی ئاگربەستی غەززە دەگەڕێتەوە لەلایەن ئیسرائیل و بەردەوامیدان بە هێرشەکانی بۆ سەر هاووڵاتیانی.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاماژەی بەوەش کردووە، ئیسرائیل بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر هاووڵاتیانی مەدەنی غەززە و ڕێگریکردن لە گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ کەرتەکە. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی تورکیا گوتوویەتی، بانگهێشتکردنەوەی باڵیۆزەکەیان بۆ ڕاوێژکردنە سەبارەت بە هەڵوێستی ئیسرائیل و ڕەتکردنەوەی ئاگربەست.